# پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە هەرێمی کوردستان( دڵنیایی جۆری فێرکردن)

## پێشەکی

زانکۆ و دەستەکان لە هەرێمی کوردستان بریتین لە کۆمەڵگایەکی تێکەڵ لە قوتابی خوێندکار، مامۆستا، زانا و کارمەند کە بە تێکڕایی هەر هەموویان دەبێت پابەندبن بە پێشکەشکردنی زانست لە ئاستێکی بەرزدا وە لە گشت بوارەکاندا.

## دڵنیایی جۆری فێرکردن

دڵنیایی جۆری بریتیە لە چەند چالاکیەك کە وەلامی گشت پرسیارە گرنگەکان دەداتەوە... لەوانە (1) دڵنیاکردنی زانکۆ/ دەستە لە پێدانی ئەو بڕوانامەیەی کە دەیدات بە قوتابی خوێندکار، (2) دڵنیاییکردن لە جۆری خوێندن و گوتنەوەی وانەکان و (3) پشتگیریکردنی قوتابی خوێندکار لەکاتی وەرگرتنی کۆڕسەکانیان.

کارکردن لەسەر دڵنیایی جۆری خاڵە لاواز و پتەوەکانی ناو زانکۆ/ دەستەکان نیشان دەدات، کە دواتر دەتوانن لەسەر ئەو بنەمایانە بەرزڕاگرتنی ئاستی زانست داڕێژن.

وێرای هەوڵ و هیممەتی دڵسۆزانە و بێ وچانی ئیدارە و مامۆستاو قوتابیە خوێندکارەکان، پێویستیمان بەوەیە هەر یەکەو لە لای خۆیەوە بە ڕوحێکی بەرز و پڕلەمەسئولیەتەوە بەرەو پیری هەنگاوە ئەکادیمیە پێویستەکانەوە بێن بەبێ ئەوەی بهێلن بەرژەوەندی تایبەت بەسەر هی گشتیدا زاڵ ببێ. لەهەرێمی کوردستاندا پێویستە رێگە نەدەین کەمینەیەکی تەمبەڵ و نامەسئول کار لەو زۆرینەیە تێك بدات کە دەیەوێ بە ئارەقی نیوچەوانی و بەئەرك و شەونخونیەوە خۆی بگەیەنێتە بەرزترین ئاستی ئەکادیمی و پیشەیی.

پەیام:

دڵنیاکردنی قوتابی خوێندکار لە ئاستی ئەکادیمی زانکۆ و دەستەکانمان.

ئامانج:

دروستکردنی ژینگەیەك کە خوێندن و فێربوون و توێژینەوە بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و گەشەیان پێبدرێت. بەجۆرێك دەبێت هاوتا بێت لەگەڵ ستاندەردی زانکۆکانی جیهان.

## میکانیزمی دڵنیایی جۆری فێرکردن

پێویستە لە هەموو زانکۆو دەستەیەك لێژنەی زانکۆ بۆ دڵنیایی جۆری فێرکردن Teaching (Quality Assurance) دابمەزرێ، تاوەکو لەرێگەی چەندین لێژنەی ژێرتر لە کۆلیژو پەیمانگاکانەوە سەرپەرشتی پرۆسەکە بکات.

- لە ئاستی هەر بەش(لق) ێکدا لێژنەیەك بۆ ئەنجامدانی کاری دڵنیایی جۆری دادەمەزرێ. ئەندامانی لێژنەکە پێك دێن لە رێکخەری کۆرسەکان(Course Coordinators) لەبەشی پەیوەندار بەپێی توانای بەشە زانستیەکان. یەکێك لەوانە دەبێتە سەرۆکی لێژنەی بەشەکە/ لقەکە، بەمەرجێك ئەو کەسە رۆڵی ئیداری تری نەبێت.
- سەرۆك لێژنەکانی بەشە جیاجیاکانی ناو کۆلێژێك دەبنە ئەندام لە ( لێژنەی دڵنیایی جۆری کۆلێژەکە). یەکێك لەوانە دەبێتە سەرۆکی لێژنەکە و یەکێکی تر دەبێتە جێگرەکەی، بەمەرجێك ئەوانە کاری ئیداری تریان نەبێت .

- سەرۆکی لێژنەی کۆلیژە جیاجیاکان دەبنە ئەندام لە لێژنەی زانکۆ/دەستەکان بۆ دڵنیایی جۆری ، کە ئەوەشیان لە ژێر سەرۆکایەتی یاریدەدەری سەرۆك زانکۆ/دەستەکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا دەبێت، ئەندامێکی لێژنەکەش دەکرێتە جێگری سەرۆکی لێژنە.

ئەو لێژنانە سوود لە پشتگیری ستافی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری لەسەرۆکایەتی زانکۆکان/دەستەکان وەردەگرن. وەبەر پرسیاردەبن لە پیادەکردنی ڕێنماییەکانی سەرەوە و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئامادەکردنی پەرتووکی کۆرسەکان کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا و فیدباکی (Feedback) قوتابی خوێندکار بەشێوەیەکی مەرکەزی، وە بەدواداچوونی دەرئەنجامی داتاو فیدباکەکان.

## بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری:

بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری لە زانکۆ دەبێتە ئەندام لە لیژنەی دڵنییایی جۆری زانکۆکە.

## دڵنیایی جۆری تاقیگە و پراکتیکیەکان:

ئامانجی سەرەکی دەستنیشان کردن و کەمکردنەوە و ڕاستکردنەوەی ئەو کەموکوڕیانەیە کە لە تاقیگەکاندا بەدی دەکرێن لەپێناو بەدەستهێنانی ئەنجامێکی نموونەیی. دڵنیایی جۆری لە تاقیگەکاندا بریتیە لە ووردی لەکاردا و چۆنیەتی پێوانەکردن لەپێناو بەدەستهێنانی هەمان ئەنجام لەکاتی دووبارەکردنەوەی کارەکاندا. دوای بەکارهێنانی ئامێر و کەرەستە کیمیاویەکان، یان لەکاتی تێبینیکردنی بەیەکنەگەیشتنی ئەنجامەکان لەگەڵ ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکاندا دڵنیایی جۆری نابێت پەراوێز بکرێت.

کارمەندی تاقیگە پێویستە بەرپرس بێت لە تەواوی کەرەسە و ئامێرەکان کە لە تاقیگەکەدا هەن... هەروەها ئەرکی ئەو کە ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جێبەجێ بکات ئەمەش لە چوارچێوەی شیکردنەوەی ڕۆتینیەکان و ناڕۆتینیەکان... ئەنجامەکانی ئەم تاقیکردنەوانە پێویستە لە فایلی

دیاریکراودا بنووسرێت و هەڵبگیرێت وە لەکاتی تێبینی کردنی ئەنجامی نائاساییدا پێویستە ڕاپرۆتێك بنووسێت بۆ ڕێکخەری بەشەکە، هەروەها پارێزگاریکردن لە ئامێرەکان و چاککردنەوەیان لە ئەرکی ئەو بەرپرسە دایە.

## ڕۆڵی ئیدارەو مامۆستا و قوتابی خوێنکار لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری فێرکردن لە هەرێمدا

<u>ئەرکی ئیدارەی زانکۆ و دەستەکان:</u>

- پێویستە هەموو قوتابیەکی خوێندکار کۆپیەکی پەرتووکی کۆرسەکەی پێبدرێت بەر لەوەی کۆرسەکە دەست پێبکات. ئەو بڕیارە هەر لە ئێستاوە کاری لەسەر دەکرێ و دەبێ پەرتووکی کۆڕسی ئەو بابەتانەی کە لە کۆتایی مانگی ئادار بەولاوە دەوترێنەوە.
- ئەرکی سەر شانی لێژنەی زانستی بەشەکانە کە مامۆستای رێکخەر (مونەسیق، کۆئۆردینەیتەر) بۆ هەموو کۆڕسێك دیاری بکات.

-

<u>ئەرکی مامۆستای رێکخەری کۆڕس</u>

ئەرکی مامۆستای ڕێکخەری کۆرسەکەیە کە:

- ببێتە پردی پەیوەندی نێوان ئیدارە و قوتابی خوێندکار بۆ هەر کارێکی کە پەیوەندی بەکۆڕسەوە بێت.

- پەرتووکی کۆڕس بۆ قوتابی خوێندکار ئامادەبکات.

- کەناڵی پەیوەندیکردن بە قوتابی خوێندکارەوە دابین بکات و بەردەوام ئیمەیل و بەریدی قوتابی خوێندکار بخوێنێتەوە

- بە بەرنامە کارەکانی رێك بخات و پەیوەندی بە سەرۆکی بەش و مامۆستای وانە بێژەوە بکات تا هیچ وانەیەك دوانەکەوێت یان شاغیر نەبێت.

- فیدباکی قوتابی خوێندکار بۆ کۆرسەکە و وانەکان مسۆگەربکات.

- ڕێکخەرەکان وێڕای کارەکانیان هەموو ساڵێك لە مانگی ئەیلولدا دەبێت ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل پێشکەش بە لیژنەی بەش بکەن و تێیدا باس لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆڕسەکانی ساڵی ڕابردوو بکەن. ئەم ڕاپۆرتانە پۆختە دەکرێن و دەدرێت بە لیژنەی بەرزتر... دواتر ئەمان خاڵە پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکانی ساڵی ڕابردوو دەستنیشان دەکەن بۆ لیژنەی باڵا.

- دابەزاندنی نیساب بۆ هەر ڕێکخەرێك بەم شێوەیە دەبێت:

- سەرۆکی لیژنەی کۆلیژ (6) کاتژمێر
- سەرۆکی لیژنەی بەش (4) کاتژمێر
- سەرۆکی لیژنەی ڕێکخەر (2) کاتژمێر

## ئەرکی مامۆستای وانە بێژ

ئەرکی مامۆستای وانە بێژە کە:

- پەڕاوی وانە بۆ هەموو بابەتێك دابڕێژێت و بیخاتە بەردەستی مامۆستای بەرپرس پەڕتووکی کۆڕسەکە.

- وانەیەکی زانستیانەی تێر و تەسەل و دەوڵەمەند بە نوێترین زانستی سەردەم ئامادە بکات (لە هاوین خولی تایبەت دەکرێنەوە وەك وۆرد، پاوەرپۆینت، داتاشۆ).

- پوختەی بابەتەکە بەپێی پێوەری هونەرمەندانە بخاتە سەر پاوەرپۆینت و لەوانەدا بەکاری بهێنێ. وە بە زووترین (لەپێش یان لەپاش وانەکە) سلایدەکان بەچاپ کراوی بخاتە بەردەم قوتابی خوێندکار.

- نموونەی پرسیار و وەڵامی نموونەیی تاقی کردنەوە بخاتە ناو پەرتووکەکە و لەوانەکانیشدا هەمان جۆری نموونە بۆ قوتابی خوێندکار شێ بکاتەوە.

- پێویستە بۆ هەر کۆرسێك سێ کۆمەڵە پرسیار لەگەڵ وەڵامی نموونەیی دابنرێت بۆ ئەوەی لە کۆتایی کۆرسەکە لیژنەی تاقیکردنەوە یەکێك لەو کۆمەڵانە هەڵبژێرن.

## قوتابی خوێندکار

- قوتابی خوێندکار ماڤ وەرگرتنی پەڕتووکی کۆڕسی هەیە پێشوەختە.

لە کۆتایی هەموو کۆڕسێك، دەبێ قوتابی خوێندکار بابەت بە بابەت بەگوێرەی پێوەری فیدباکی بابەتیانە ڕاو و هەڵسەنگاندنی خۆی بە گوێرەی پەرتووکەکە لە کاتی وانە گوتنەوەدا دەربڕێت.

- لە دوای هەموو تاقی کردنەوەیەك، قوتابی خوێندکار ڕاو هەڵسەنگاندنی خۆی لەپڕۆسەی تاقیکردنەوە دەبێ بە گوێرەی فیدباکی بابەتیانە دەربڕێ. ئەو فیدباکە بۆ خاتری گۆڕانکاری و چاك کردنی کۆڕس و ناوەڕۆك و شێوازی تاقی کردنەوەدا بەکار دەهێنرێن. وەهەروەها فیدباکەکە دەبێتە پێوەرێك لە پێوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستای بەرپرس و بەشی ناو کۆلێژ و تەواوی کۆلێژەکە بەکار دەهێنرێت.

- هەموو قوتابیەکی خوێندکار مافی هەیە فۆتۆکۆپی دەفتەری تاقیکردنەوەی ببینێت لەکاتی پێویستدا.

دیارە کە بنەمای هەلسەنگاندنی مامۆستاکان و کۆڕسەکان و وانەکان لە لایەن قوتابی خوێنکارەوە زۆر گرنگ و پێویستن. دیارە کە دەوام کردنی قوتابی خوێنکار گرنگی تایبەتی نەك تەنیا بۆ فێربوون و ڕاهێنانیان هەیە بەڵکو بۆ سەرکەوتنی کاری پیرۆزی زانکۆ و پەیمانگاکان لەوپەڕی پێویستیدایە. بۆیە، پێویستە ئیدارەی کۆلێژەکان دەوام کردنی قوتابی خوێنکار زۆر بە جیددی وەربگرێ و ئامادەبوونیان بەنووسین و بەدواداچوون تۆمار بکرێ.

ئەرکێکی نیشتمانی و ئەکادیمی هەموو قوتابیەکی خوێندکارە کە لە ئاستی ئەو مەسئولیەتەدا ڕەفتار بکات و ئاستی زانست و بڕوانامەکان بەرز بکاتەوە. لە ساڵی ئیمساڵەوە، هەر قوتابیەکی خوێندکار کە لە ڕێژەی 10٪ بێ پاساو وە لە 15٪ بە پاساو لە وانەکانی هەر کۆرسێك غیاب بێت ئەوا:

- مافی هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستای نامێنێ.
- مافی تاقی کردنەوەی لەو کۆرسە نامێنێت، و حیسابی کەوتووی (ساقیتی) دەوری یەکەمی لەو کۆرسەدا بۆ دەکرێ و بەئۆتۆماتیکی ناوی دەخرێتە لیستی تاقی کردنەوەی دەوری دووەمەوە.

- هەر قوتابیەکی خوێندکار کە ڕێژەی غیاب بوونی لە کۆی گشتی وانەکانی ساڵ وەیان ڕۆژانی دەوامی ساڵ لە ڕێژەی 15٪ بێ پاساو وە لە 20٪ بە پاساو تێپەر بکات ئەوا لە ساڵەکەدا بەبێ ئەوەی مافی هیچ تاقی کردنەوەیەکی هەبێ بە ئۆتۆماتیکی ساقیت دەکرێ.

ساڵانی ڕابردوو سەرلێشێواویەکی زۆر لە مەسەلەی بار سوك کردن (تەخفیف حالە) و بارگۆرین ( تەغیر حالە) و پەرینەوە (عبور) و دەرکردن (تەرقین قید) دا هەبوو. لەمەودوا ئەو بابەتانە بە یەکجارەکی یەکلایی دەکرێنەوە بەو پێوەرەی خوارەوە:

- هەموو قوتابیەکی خوێندکار مافی بارگۆڕینی هەیە، بەبێ جیاوازی و بەپێی پێوەرەکانی پێشتر.
- هەر قوتابیەکی خوێندکار کە لە زیاتر لە نیوەی ژمارەی وانەکانی ساڵانە (وەیان نیوەی وانەکان ساڵانە یان کۆرسات) کەمتر بکەوێت، ئەوا مافی تاقی کردنەوەی دەوری دووەمی پێدەدرێت. ئەوانەی لەو ژمارەیە زیاتر دەکەون، بە ساقیتی ساڵ لەقەڵەم دەدرێن و مافی تاقی کردنەوەی دەوری دووەمیان پێ نادرێ.
- ناوسڕینەوە ( تەرقین قید) لە ساڵی ئیمساڵدا ( 2009 / 2010) هەروەك جاران دەمێنێتەوە. واتە، هەر قوتابیەکی خوێندکار کەدوو ساڵان لەسەر یەکتر بکەوێ وە سەقفی زەمەنی تەواو بکات، ئەوا ناوی لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەسڕێتەوە بەبێ ئەوەی مافی خوێندنەوەی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی حکومەتی پێ بدرێ. ئەوانە ئازادن بۆ ئەوەی لە زانکۆی ئەهلیدا بخوێنن.
- لە ساڵی ئەکادیمی دوای ئیمساڵ ( 2010 / 2011) چاو بەتەواوی ڕێنماییەکان دادەخشێندرێتەوە.

# پەرتوکی کۆڕس

# Course Book

## ناوەرۆك

1- مامۆستای بەرپرس و لیستی مامۆستاکانی کۆڕسەکە

2- پێشەکی و پێناسە کۆڕسەکە

3- ئامانجی کۆڕسەکە

4- لیستی سەرچاوە گرنگ و پێشنیازکراوەکانی کۆڕسەکە

5- خشتەی وانەکان

6- ناوەرۆکی وانەکان

7- تاقی کردنەوەکان: پێناسە و ڕێنماییەکان

8- نموونەی پرسیارەکان و وەلامە چاوەڕوان لێکراوەکان

9- تاقی کەرەوەی دەرەکی

10- فیدباکی   خوێندکار

# مامۆستای بەرپرس و لیستی مامۆستاکانی کۆڕسەکە

Course coordinator and list of teachers on this course

ناوی کۆڕس:

مامۆستای بەرپرس:

ناونیشانی بەش/لق و کۆلیژ:

پەیوندی کردن بە مامۆستای بەرپرس:

- بەرید

لینکی کۆرسةکة لةسایتی زانکۆ/ دةستة، کۆلیژ/ ثةیمانطا

# پێشەکی و پێناسەی کۆڕسەکە

# Course overview

لە دوو سێ پاراگرافی پڕ مانا، باس لە پێویستی داهێنانی ئەو کۆڕسە و گرنگیەکەی لە چوارچێوەی خوێندنی ساڵەکە و خوێندنی گشتی چوار (دوو، شەش ..هتد) ساڵەکەی بەشەکە

# ئامانجی کۆڕسەکە

# Course objectives

دوو سێ پاراگراف و لیستێکی کورت بۆ دەسنیشانکردنی پەیامە گرنگەکانی کۆڕسەکە و دیاریکردنی ئەو خاڵانەی کە پێویستە لە کۆتایی ئەو کۆڕسە قوتابی خوێندکار فێریان ببێ

یەکەم:

دووەم:

سێیەم:

چوارەم:

پێنجەم:

# سەرچاوە گرنگەکانی ئەو کۆڕسە

# Course Reading list

لێرەدا لیستی ئەو کتێب و چاپتەر و وتاری گۆڤارانە بنوسە کە قوتابی خوێندکار دەتوانێ سوودیان لێ وەربگرێ.

ئیشارەت بکە

1- بۆ ئەوانەی کە بنەرەتین و پێویستە قوتابی خوێندکار لە مەودای کۆرسەکەدا لەبەردەستی دابێ

2- بەوانەش کە سەرچاوەی سوودبەخشن بەڵام بۆ زێدە سەرچاوەیی و زێدە زانیاری دانراون.

گرنگە ئەو سەرچاوانە تازەترینی پەرتووکخانەکان بن

پێویستە تێکەڵێکی پەرتووکی چاپکراو و گۆڤار و مەقالەی (ڕیڤیو) و سایتی تایبەتی ئینتەرنێتیان تێدا بێ.

# خشتەی وانەکان

| ژ | ناونیشانی بابەت | ناوی مامۆستا |
|---|---|---|
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

**بابەتی یەکەم:** [ناونیشانی وانەکە]

**ناوی مامۆستا:**

**ئامانج لەو بابەتە:**

ئەو بابەتە بۆیە خراوەتە مەنهەجەوە تاوەکو قوتابی خوێندکار تێبگا/بزانێ/ئاگاداربێ/فێرببێ کەوا:

- یەکەم:
- دووەم:
- سێیەم:
- چوارەم:
- پێنجەم:

**ناوەرۆکە زانستیەکە**

[[کورتەی بابەتەکە و پەیامە گرنگەکانی دەبێ لێرەدا باس بکرێ، واتە بە لاپەڕەیەك یان دوو لاپەڕە ئەو ناوەرۆکە بنەڕەتیانە باس بکە کە دەبێ خوێندکار بیانزانێ تاوەکو لە تاقی کردنەوە دەربچێ. بەلانی کەمەوە دەبێ پاڕاگرافێکی پێشەکی، دوو سێ پاراگرافی ناوەرۆك بنوسرێ. باشتریشە ئەگەر پەیامە زانستیە سەرەکیەکان (Key messages) ڕیز بکرێن .]]

**سەرچاوەکانی ئەو بابەتە**

بەلانی کەمەوە دوو سەرچاوە بۆ ئەو بابەتە بهێندرێ، یەکێکیان نوێترین کتێب بێ، وە ئەوی تریان وتارێکی گۆڤارێکی زانستی بێ. ئەو سەرچاوانە بێجگە لەوانەی پێشتر کە وەك سەرچاوەی کۆڕسەکە ناویان هاتووە

**{{ئیتر لێرەوە هەمان لاپەڕە دووبارە دەبێتەوە بۆ هەر دانە بابەتێك}}**

# فیدباکی خوێندکار بۆ بابەتەکە

**بەروار:** **کۆرس:** **ساڵی:** **مامۆستا:**

**ناونیشانی بابەت:**

| | **پرسیاری هەڵسەنگاندن** | **ئاستی بابەت 1-5** | **تێبینی زیاتر – بەشێوەیەکی بابەتیانە** |
|---|---|---|---|
| | ئامانجەکان و پوختەی پەیامەکانی **بابەتەکە** ڕوون و ئاشکرا بوون | | |
| | ناوەرۆکی بابەتەکە سوودبەخش بوو و پەیوەندی بە ئامانجی سەرەکی کۆرسەکەوە هەبوو | | |
| ٣ | پەڕاوی بابەتەکە بە پێی پێویست ئامادە کرابوو | | |
| | مامۆستاکە لە کاتی وانە گوتنەوەدا هەوڵی دا پرینسیپ و ناوەرۆك و خاڵە گرنگەکانی بابەتەکە بە جوانی و بە سادەیی شیٚ بکاتەوە | | |
| | مامۆستاکە هەوڵی دا تەرکیزم لەسەر بابەتەکە لانەکەویٚ | | |
| | مامۆستا لە کاتی خۆیدا هاتە وانەکە و لە کاتی خۆیدا وانەکەی تەواو کرد | | |
| | مامۆستاکە بە نەرمی و بە هێمنی و بە ڕێزلێنانەوە لە کاتی وانە گوتنەوەدا هەڵسوکەوتی دەکرد | | |
| | سلایدەکانی بەکار هێنران ڕوون و ئاشکرا و سەرنج ڕاکێش بوون | | |
| ٩ | مامۆستا کاتی پرسیار کردنی هێشتەوە و هەوڵی دا پرسیارەکان بە تێرو تەسەلی وەڵام بداتەوە | | |
| | سەرچاوەکانی خوێندنەوە نوێن و لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکە دەگونجێن | | |
| | **کۆی ئاستەکان** | | |

| پێوەری هەڵسەنگاندنی ئاستی ناوەرۆك | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| زۆر خراپ | خراپ | مام ناوەندی | باش | زۆرباش |

# تاقی کردنەوەکان

لێرەدا بە دوو پاراگرافی تێروتەسەل جۆر و شێوازی تاقی کردنەوەکان پێناسە دەکرێن

- جۆری تاقی کردنەوە (ئینشائی، هەڵبژاردنی Multiple Choice وە یان هی تر)
- مەودای کاتی ناو تاقی کردنەوە (بۆ نموونە یەك سەعات، 45 دەقیقە.. هی تر)
- ژمارەی پرسیارەکان و چۆنێتی دابەشکردنی نمرەکان
- چونێتی تەسیح کردن و دەرچواندنی ئەنجامەکان
- ئامۆژگاری بۆ قوتابی خوێندکار کە چۆن هونەری وەڵامدانەوە فێر ببێ و لە تاقی کردنەوەکاندا باشتر دەربچێ. بۆ نموونە:
    - پرسیارەکە دووجار بخوێێنتەوە
    - بیر لە وەڵامەکەی بکاتەوە
    - لە لاپەڕەیەکی جیادا پلانی بۆ دابنێ
    - وەڵامەکە پێشەکی و ناوەرۆك و دەرەنجامی تێدابێ

# نموونەی پرسیارەکان و وەلامە چاوەڕوان لێکراوەکان

لێرەدا دوو نموونە پرسیاری ئینشائی و پێنج نموونەی پرسیاری هەمەبژار (MCQ) **یان هەر جۆرە پرسیارێکی تر** نیشان دەدرێ و چەند خاڵێکی سوودبەخش و رێ نیشاندەر دەخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی قوتابی خوێندکار بزانێ چۆن پلان بۆ وەڵامدانەوە دابنێ، و پلانەکە ئەنجام بدات و دواتر خۆی لە شوێنی مامۆستاکە دابنێ بۆ ئەوەی تەسەوڕی هەبێ کە ئایا مامۆستا بەدوای چی پەیام و خاڵەگرنگەکاندا دەگەڕێ و لە سەر چی بنەمایەك بڕیار لەسەر دانانی نمرە دەدات ، **نموونەی پرسیارەکانیش پێویستە لە سێ ئاست دابن ( ئاستی بەرز ، نزم ، مام ناوەندی).**

# تاقی کەرەوەی دەرەکی

پێویستە لەمەوداو هەموو **کۆلیژێك لە کۆتایی ساڵدا چەند کۆرسێك هەڵبژێری بۆ** تاقیکەرەوەی دەرەکی (External Examiner).

- ئەو کەسەی کە دەتوانێ ڕۆڵی تاقیکەرەوەی دەرەکی ببینێ پێویستە:

- پۆستی ئەکادیمی پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر و سەروتری هەبێ **بە گوێرەی توانا لە زانکۆ جیهانیەکان بێت لەکاتی نەبوونی پلەی زانستی بەرز دەکرێ پلەی زانستی نزمتر لە هەنێك پسپۆریەکان دەست نیشان بکرێ.**

- لە هەمان بوار وەیان لە بوارێکی نزیك لە هی کۆرسەکەدا مامۆستای چالاك و ناودار و خاوەن ئەزموون بێ.

- بەشدار نەبووبێ لە وانە گوتنەوە وەیان پرۆسەی ئیدارەکردنی ئەو کۆرسەدا.

- ڕۆڵی تاقیکەرەوەی دەرەکی ئەوانەن:

- هەلسەنگاندنی تەواوی داڕێژتن و ناوەرۆك و بەرنامەی کۆرسەکە

هەلسەنگاندنی پرۆسەی تاقیکردنەوەکان: پێویستە هەموو دەفتەرەکانی تاقیکردنەوەی قوتابیەخوێنکارەکانی لە دوای تەسیح کردن بخرێتە بەردەست. ئەویش دەبێ بەلانی کەمەوە سەیری سێ نموونەی قوتابی خوێندکاری نمرەبەرز و سێ نمرە ناوەند و سێ نمرە نزمی کەوتوو بکات، ئەوجا بڕیار بدات کە تەسیح کردنەکان بە باشی ئەنجام دراون.

- هەڵسەنگاندنی فیدباکی قوتابیەخوێندکارەکان

- دواتر مامۆستای بەرپرس وەڵامی پێشنیاز و پرسیارەکانی تاقی کەرەوەی دەرەکی دەتاتەوە و نیشانی دەدات ئایا چۆن و بۆچی.

# فیدباکی خوێندکار بۆ کۆڕسەکە

**بەروار:** **کۆڕس:** **ساڵی:** **مامۆستا:**

| ژ | پرسیاری هەڵسەنگاندن | ئاستی کۆڕسەکە 1-5 | تێبینی زیاتر – بەشێوەیەکی بابەتیانە |
|---|---|---|---|
| 1 | ئامانجەکان و پوختەی پەیامەکانی کۆڕسەکە ڕوون و ئاشکرا بوون | | |
| 2 | ناوەڕۆکی بابەتەکە سوودبەخش بوو و پەیوەندی بە ئامانجی سەرەکی بەشەکە هەبوو | | |
| 3 | مامۆستای ڕێکخەر خۆی بە ئامادەکردنی پەرتووکی کۆڕسەکە ماندوو کردبوو | | |
| 4 | مامۆستای ڕێکخەر خۆی بە تەنسیق کردن و ئەنجامدانی کۆڕسەکەوە ماندوو کردبوو | | |
| 5 | مامۆستاکان بە گشتی هەڵبژاردەیەکی باش بوون و لە بوارەکانیاندا پسپۆڕ بوون | | |
| 6 | مامۆستای ڕێکخەر گرنگی بە ڕەخنە و گلەیی قوتابیە خوێندکارەکان دەدا | | |
| 7 | زانیاری لەسەر شێوازی تاقی کردنەوەکان بە باشی پێشکەش کرابوون | | |
| 8 | پرسیارەکانی تاقی کردنەوەکان ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی کۆڕسەکە بوون | | |
| 9 | **کۆی ئاستەکان** | | |
| 10 | مەجالی پێشخستن و پەرەسەندنی کۆڕسەکە زۆرە. نموونەی گۆڕانکاری ئەوانەن: | | |

| پێوەری هەڵسەنگاندنی ئاستی ناوەڕۆک | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| زۆر خراپ | خراپ | مام ناوەندی | باش | زۆر باش |